# ڕیفراندۆمێکی ئازاد بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کوردستان
# هەموو پیلانەکان پووچەڵدەکاتەوە!

**حەمەغەفور**
hamaxafoer@yahoo.com

هەموو ئاماژە سیاسیەکان بەگشتی و بەتایبەتیش تەشەنەکردنی دۆخی ناهەمواری جەنگی ناوخۆی عێراقو ئەگەری زۆری تێوەگلانی کوردستانیش بۆ ناو ئەو بارودۆخە مەرگبارە، ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێن کە بەڵای تیرۆریزم و کاری تەقاندنەوەو کوشتنی کوێرانەی هاوولاتیان ڕووی لە کوردستانیش کردووەو هاتۆتەبەر دەرگای ماڵەکانمان. ئەمە بەواتای لەدەستدانی ئەو لانیکەمە ئاسایش و ئارامیەشە کە لە کورستاندا هەیە. ئیبرازکردنی کۆمەڵێک فاکتەرو گۆڕانکاری تازە لە خشتەی سیاسەتی ناوچەکەو جیهانیشدا هاوکاریمان دەکات مەترسی ئەگەری لای سەرەوە مەلموستر ببینین. لە لایەک ئەمریکا جەنگی دۆڕاندووەو جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران براوەی یەکەمە. دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا بە حاکم و ئۆپۆزیسیۆنەوە ئێستا بەکردەوە خەریکی پیادەکردنی ڕاسپاردەکانی بەیکەر–هاملتۆنەو دەسپێکردنی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی ئەمریکاو ئێران لە هێڵە پانەکانیدا لەم ڕاستایەدا ڕاستییەکی دوو لایەنە بەیاندەکا. ئەمریکای دۆڕاو و ماندوو لە جەنگ دژی تیرۆر لە عێراق بەکردەوە دەیەوێ ڕێگایەکی ئابڕوومەندانە پەیدابکا بۆ دەرچوون لە زەلکاوی عێراق. جمهوری ئیسلامیش بەنیازە هەنگاوی نوێ بهاوێ لە پێشڕەوییەکانیدا لە عێراقدا بۆ کۆکردنەوەی بەروبوومی سەرکەوتنەکانی. 10دە شاری خوارووی عێراق زامنبووە لە دەستی شیعەداو لە بەغداو موسڵ و تەنانەت لە کەرکوکیش ئاگری جەنگی تائیفی دەگێڕێ بە مەبەستی هێنانەسەرکاری ڕژێمێکی ئیسلامی لە نەوعی جمهوری ئیسلامی ئێران خۆی! بۆ پەستانی زیاتری مقاوەمەی تێکەڵی پاشماوەی فاشیزمی بەعسی و سوننەی عێراقی بەکارهێنانی کوردستان وەکو دەروازەیەک بۆ ئەم تاکتیکەی حەیاتییە. بەبێ هاوکاری و ئیسناد وە لەڕاستیدا بەبێ پیلانی جمهوری ئیسلامی مومکن نییە ئەنسار ئیسلام وەکو تارماییەک لە پڕێکدا لە کوردستان هەڵتۆقێت و ببێتە هێزێک مناوەرە بکات و دەرکەوێ و هەڕەشەبکات! شوینگرتنی میدیاو تەنانەت دەسەڵاتی کوردی بۆ دیاردەی ئەنسارئیسلام بە مانای ئیعترافی ڕەسمی دەسەڵاتی کوردیە بە مەترسی داخزانی کوردستان بۆ ناو جەنگی ناوخۆی عێراق. بەڵام قەتیسکردنی ئەم ئەگەرە بەتەنها لە کردەوەی لێرەولەوێی تەقاندنەوەو کاری تیرۆریستیدا دەردەکە تیمارناکات، بەڵکو سەختتری دەکات. خەتەری کێشبوونی کوردستان بۆ ناو دۆخی پڕمەرگەساتی عێراق تەنها ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردی لێێ بەرپرسن. چونکە زیاتر لە 16ساڵە ئەوان دەسەڵاتدارن و کوردستان بە عەمەلی سەربەخۆیەو خەڵکیش دەنگیانداوە بە جیابوونەوەو سەربەخۆیی، بەڵام ئەم حیزبانە بەفریوکاری هەروا کوردستانیان بە هەڵواسراوی ڕاگرتووە.

بەڵام تەناقوزێکی ئاشکرا لە هەڵوێستی سیاسی و دیبلۆماسی ئەحزابی کوردیدا بەجوانی دەبینرێ کە جێگای
نیگەرانییەکی گەورەیە. لەلایەک لەسەر سنووری پێنجوێن و ناوچەی گەرمیان هێزی چەکدارو

پێشمەرگە جێگیردەکەن بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەنسارئیسلامو دزەکردنی تیرۆریستان کە بارەگای سەرەکیان لەناو خاکی ئێراندایەو توانای مادی و مەعنەوی و لۆجیستیش هەر لەو وەردەگرن، لەولاشەوە نێچیرەوان بەرزانی وەکو سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەسەردانیدا بۆ تاران بەڵێنیان پێدەدات کە قونسوڵیەی جمهوری ئیسلامی لە هەولێر دووبارە دابنرێتەوە! ئەم سیاسەت و هەڵوێستەی بزووتنەوەی کوردایەتی ڕیشەی لە مێژووی کۆنی ئەو بزووتنەوەیەدایە. بەر لە جەنگی دووەمی کەنداو ناسیونالیزمی کورد ژیانی لەسەر قەڵشتی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە بوو. هەر جارەی ناچاردەکران ببنە خزمەتچی یەکێک لەو دەوڵەتانە. ئێستاش سەرەڕای ئیدیعاکانیان بۆ پێشڕەوی بزووتنەوەی کوردایەتی، بەڵام بە کردەوە جێگاوڕێگای سیاسیان وایان لێدەکات بۆ مامەڵە لەگەڵ یەکترو لەگەڵ دەوڵەتاندا هەمان سیاسەت بگرنەبەر. تەجروبەی پێشتری جندوڵلاو کۆمەڵی ئیسلامی و هەڵسووڕانیان لە سەر سنوورەکانی ئێران و کوردستان بۆ هەموو لایەک ئاشکرایەو تەنانەت شۆڤێنیزمی ئیسلامی و ئینسانکوژی دینی ئەم گرووپانە زۆر زیاتر لە گرووپە ئینسانکوژەکانی ئەلقاعیدەیە. کارەساتی (ئاوایی حەمە) کە بە دەستی ئەم تیرۆریستانە ساڵی 2001 لە کردەوەیەکی قێزەوندا 47 پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیان سەربڕی، دڕندەیی و دوژمنایەتی ئەم تاقمانەی بەوپەڕی خۆی گەیاند. بەڵام لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان بە ڕیزی سەدانهەزاری هاتنەمەیدان بۆ پاککردنەوەی هەموو گروپ و ڕەنگەکانی ئیسلامی سیاسی دوای ئەو کارەساتە، کەچی یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ساتوسەودای کردو بەناوی ڕەسەن و نارەسەنەوە نارەزایەتی سەرتاسەری خەڵکیان دامرکانەوە. ئێستاش ئەم حیزبانە خەریکن هەمان سیاسەت و هەڵوێست دەگرنەپێش لەبەرامبەر ئیسلامی سیاسیدا بە گشتی.

لە ناوخۆشدا هەردوو تەرەف جەنگی تائیفی و تەسفیە لەسەر ناسنامەی شیعەو سوننە هێشتا بەکەم دەزانن بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ئیسلامیان. چاویان هەڵنایەت بە نیمچەئاسایشێکدا کە لەکوردستان بەرقەرارە، دەیانەوێ خەڵکی کوردستانیش بخزێننە ناو جەنگێکی قەومی بێکۆتاییەوە. بێگومان سیاسەتی ئەحزابی حاکم بۆ لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە، بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ ئیئتیلافی شیعەدا لەژێر ناوی فیدراڵیەت و بیناکردنەوەی عێراقی عەروبیدا تەنها دەروازەو کەلەبەرێکە کە بە ئیحتمالی گەورە ئەگەر بەرگری و هێزو ئیرادەی جەماوەری کوردستان لە دەوری سیاسەتێکی عەمەلی و ڕۆشن بۆ جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، سکۆلارو غەیرە ئاینی تیایدا ڕێکنەخرێ بۆ داخستنی، لەو درزەوە ئاگری تیرۆریزم و جەنگ و نائارامی دەگاتە کوردستان و ناوجەرگەی شارەکان دەبێتە مەیدانی تەراتێنی ئەم باندە ئینسانکوژانە. تەنانەت دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانی پێشووی خەڵکی کوردستانیش ئەگەرێکی دوور نابێ. تەقاندنەوەی بارهەڵگرێک بە 800کغم (تی ئێن تی)یەوە لە بەردەم بارەگای وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی شاری هەولێردا، جگە لەوەی وەحشیەت و دژەئینسانیبوونی تیرۆریستانی ئیسلامی پیشانئەدا، هیچ دەرفەتێکیش ناهێڵێتەوە بۆ یەکێتی و پارتی و سەرانیان هەتا پاساوی بێدەربەستی خۆیان و دەزگاکانی بندەستیشیان لە چەشنی هێزی پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش بدەنەوە لە بەرامبەر ژیان و ئاسایشی سەرو ماڵی هاووڵاتیاندا. هەروەها ئەنجامدرانی ئەم تاوانە دڕندانەیە بەو ئاسانییەو لە ناوبەینی دوو سەنتەری سەرەکیدا کە گوایا بۆ ئەندازیاری کردنی نەخشەی ئەمن و ئاسایشی ووڵات دامەزراون، ئەو حەقیقەتە ئەخاتەڕوو کە دەزگاکانی

پۆلیس و ئاسایشی ئەم حیزبانە نەک بۆ دابینکردنی ئارامی ژیانی جەماوەرنین بەڵکو بە تەنها ئۆرگانی تایبەت و تەرخانکراون بۆ پاراستی دەسەڵاتی ئەحزابی حاکم و حمایەی سەران و لێپرسراوانی ووردودرشتیان. بارگرژییەکانی تائێستای ناو شاری کەرکوک و موسڵ و کردەوە تیرۆریستییەکانی دەوروبەری ئەم دوو شارە تا دەگات بە تەقینەوەی ئەم ڕۆژانەی بەردەم بارەگای لقی 3ی پارتی لە شاری مەخمور و ئاراستەکردنی 3 ڕۆکێت هەر لەناو شاری کەرکوکەوە بۆ ناو جەرگەی دانیشتوانی ئەم شارە، چالاکی و جموجووڵ و هەڕەشەکانی ئەنسارئیسلام بۆ کاری تیرۆریستی و کردەوەی تێکدەرانە بەڵگەی تەواوی بوونی نەخشەو پیلانێکی سامناکن لە دژی خەڵکی کوردستان و گۆڕینی ناوجەرگەی ژیانی خەڵکی شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک و دەوروبەریان بۆ پانتاییەکی خوێناوی تر لە شاری بەغدا!

دیاردەیەکی سەیر بەدوای هەرەسی ڕژێمی بەعسداو، لەگەڵ دەسپێکردنی کردە تیرۆریستیەکاندا خۆی خزاندە ناو موفرەداتی ژیانی سیاسی کۆمەڵگای عێراقەوەو بێ خشپەش میدیای ئەحزاب و ماسمیدیای ڕەسمی و ناڕەسمی لە ناوخۆو دەرەوەش قبوڵیانکرد. دیاردەی دەرکردنی بەیاننامەی ئیدانەکردن و تەسریحاتی هەڕەشەئامێز لە بەرامبەر ئەنجامدانی کردە تیرۆریستییەکان و قیادەی گرووپە تیرۆریستیەکانی ئەلقاعیدەو پاشماوەکانی حیزبی بەعس بۆ لەناوبردنیان و شتی لەمجۆرە. هەر لە سەرۆکایەتی عەمەلیاتی عەسکەری ئەمریکاوە لە عێراق بگرە تا دەگا بە سەرۆک وەزیران و سەرکۆمارو تەنانەت بۆش و بلێریش، تا دەگا بە سکرتێری حیزبەکان و ئیئتیلافە جۆراوجۆرەکانیش، بەشوێن هەر کردەیەکی دڕندانەی تیرۆریستاندا بۆ پاساودانی بێتواناییان لەڕووی سیاسی ئیداری و حکومەتییەوە بۆ دابینکردنی کەمترین ئەمن و ئاسایشی هاووڵاتیان بەیان و تەسریحاتی ئیدانەو مەحکومکردن دەردەکەن! کەچی ڕۆژبەڕۆژ تیرۆریستان چالاکتر دەبنەوە تا کار گەیشتە ئەوەی لەناو هۆڵی پەرلەمانی عێراقیدا تەقینەوە ئەنجامدرا. دەسەڵاتدارانی کوردستانیش خەریکن بەگرتنەبەری هەمان هەڵوێست بێئەوەی بە خۆیان بزانن بێتوانایی و دەسەوسانی خۆیان نیشانئەدەن لە بەرامبەر تیرۆریستاندا! لە ڕاگەیاندنەکەی مەسعود بەرزانییەوە بگرە کە سەبارەت بە کردەوە تیرۆریستییەکەی هەولێر بڵاویکردەوە تا تەسریحاتی جلال تاڵەبانی و ئەوانی تر بێ ئەوەی هەستی پێبکەن لەلایەک حەپەساوی خۆیان دەخاتەڕوو سەبارەت بە هەراوزەنای بەرقەراربوونی نموونەی ئارامی و ئاسایشیان لە کوردستان، لەلایەکی تریشەوە فشەڵی و گەندەڵی دام و دەزگاکانی پۆلیس و ئەمن و ئاسایشیان نیشانئەدات.

ئێستا کۆمەڵگای عێراق لەسایەی سیاسەتی داگیرکاری ئەمریکاو هاوپەیمانانی و لەژێر ڕکێفی جەنگێکی فراوان و نەبڕاوەی ناوخۆییدا بە دەورانێکی بێوێنەی نابوودبوون و داڕمان و هەرەسی ئینسانییەت و مەدەنییت و هەموو بەهاکاندا تێدەپەڕێت. هەموو لایەنەکانی بەشدار لە وەزعی ئێستای عێراقدا حەپەساو و بێتوانان بۆ تەرحی بەدیلێک کە لانیکەمی ئارامی و ئاسایش دابینبکات. ئێستا ئیتر کەس باسی خوتەی ئەمنی بەغداو دیواری حەسری سوننەو شیعە ناکات و چوونە خانەی شکستەوە. دوای فەشەلی ئەو نەخشەیەی نوری مالکی بارودۆخی عێراق نائارامترو خەتەرناکتر بووە. بێجگە لە جەنگی تائیفی و ناوخۆ گەندەڵییەکی سەرتاپاگیر باڵیکێشاوە بەسەر دامودەزگاو ئۆرگانەکانی ووڵاتدا. بڵاوبوونەوەی هەواڵی دزینی بەردەوامی 15 ملیۆن دۆلار ڕۆژانە لە

ساڵی 2003وە تا ئەمڕۆ چۆکی هەر ئومێدێک بەم دەورودووکانە دەشکێنێت.

بەڵام لەمنێوەدا کوردستان بە چەند دەلیل دەروازەیەکی ئومێدە بۆ دەربازبوونی ئەم کۆمەڵگایە لەم گێژاوە. بەمەرجێک خەڵکەکەی هەستێتە سەرپێ و داوای ڕیفراندۆمێکی ئازاد بکات بۆ بڕیاردان لەسەر جیابوونەوە لە عێراقو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. یەکەم، کێشەیەکی مێژوویی و ئاڵۆزی ئەم وولاتەو ئامرازێکی گەورەی دەستی فاشیزمی عێراقی و نەتەوەپەرستانی کوردی بۆ هەمیشە چارەسەرو یەکالآدەکاتەوە. دووەم، بەکردەوە پراتیکبوونی ئیرادەی جەماوەری و ڕاستەوخۆی خەڵکی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی وولات و کۆمەڵگایەکی ژێردەستە لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا لەژێر چاودێری ناوەندو ئۆرگانە موعتەبەرە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییەکاندا، ئەم سەرزەمینە دەگۆڕێ بۆ پانتاییەکی نموونەیی لەپێناو بەگەڕکەوتنی ئیرادەی جەماوەری و یەکێتی ئینسانییەت، لە هەمان کاتدا ناقوسێکیش دەبێ بۆ باگابوونەوەی جیهانی شارستانی. چونکە واپێدەچێ جیهان لەژێر چنگی تیرۆریستانی دەوڵەتی لە چەشنی ئەمریکاو ئیسرائیل و تیرۆریستانی ئیسلامی بە هەموو شکڵ و ڕەنگەکانییەوە تاسابێت. بەڕای من خرۆشانی کوردستان بۆ سازکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازادو سەپاندنی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بۆ جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سکۆلارو غەیرە قەومی زەربەیەکی ئەحیاکەرەوەی ئینسانیەتی ئەمڕۆش دەبێ لەبەرامبەر بێحورمەتییەکدا کە ڕۆژانە لە عێراقدا لە دژی سەرتاپای مرۆڤایەتی لەژێر سایەی ئەمریکاو دەستەو تاقمی ئیسلامی و قەومی و عەشیرەییدا بەڕێوەدەچێ.

14–ئایار2007